# ئینتەرنێت و وڵاتانی عەرەبی

هۆشەنگ کەریم




ئینتەرنێت کە کاریگەرترین ئامرازی شۆڕشی زانیارییە، تا ئێستا لە کۆمەڵگای عەرەبیدا مشتومڕی زۆری لەبارەوە لە ئارادایە ، بەشێکی کۆمەڵگای عەرەبی وا دەروانێتە تۆڕی ئینتەرنێت کە هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر ناسنامەی کەلتورو ڕۆشنبیری و ئاین و یەکێکە لە چەکەکانی داگیرکردنی ڕۆشنبیری، بەشێکی دیکەی کۆمەڵگا تەواوی ئەو بۆچوونانە ڕەتدەکاتەوە و پێیانوایە کاریگەری ئینتەرنێت لەسەر کەسایەتی بەکارهێنەر دەمێنێتەوە و ئاست و توانای ڕۆشنبیری تاچەند بردەکات.

لەلایەن هەندێک لە حکومەتەکانیشەوە بەهۆی خەسڵەتی خۆسەپێنەرانەیان و کۆنترۆڵکردنی هەموو بوارەکانی گەیاندن و پەیوەندی بە جیهانی دەرەوە دەبینین خزمەتگوزاری ئینتەرنێت زۆر بە درەنگەوە بۆ هاووڵاتیان دابینکراوە و وڵاتی(تونس) بە یەکەمین وڵاتی عەرەبی دادەنرێت کە خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی تیادا دابینکراوە ، لەمیانەی ئەم بابەتەدا هەوڵدەدەین باس لە مێژووی دابینکردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بکەین لەبەشێکی وڵاتانی عەرەبی.

- (تونس)یەکەمین وڵاتی عەرەبیە خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی تیادا دابینکراوە لەسەرەتادا ژمارەی بەکارهێنەران (55)هەزار کەس بوو بەڵام لەساڵی(2006)دا ژمارەکە گەیشتە یەک ملیۆن کەس.

- لە ئیماراتی عەرەبی كۆی دانشتووان (3)ملیۆن كەسە و ژمارەی بەكارهێنەرانی (1,250,000 )كەسە و ئەمەش بە بەرزترین ڕێژەی بەكارهێنەرانی ئینتەرنێت لە قەڵەم دەدرێت لە ناوچەكەدا.

- لە (كوەیت) بەپێی ئامارە ڕەسمیەكان تا ئێستا ژمارەی بەكارهێنەرانی ئینتەرنێت تەنها(200)هەزار كەسە.

- لە (میسر) ساڵی(1993) خزمەتگوزاری ئینتەرنێت دابینكرا بەڵام تاكۆتایی ساڵی(1999)وسەرەتای (2000)ژمارەی بەكارهێنەران(400) هەزار كەس بوو كە بۆ كۆمەڵگایەكی (70)ملیۆن كەسی وەكو (میسر)ئەم ڕێژەیە زۆر كەمە، بەڵام لە دوای دەستپێشخەری حكومەت لە هەڵمەتی نا سراو بە (ئینتەرنێتی بە خۆڕایی) لەساڵی(2002)ژمارەكە بەرزبووەوە بۆ(3)ملیۆن و لەساڵی(2006)دا ژمارەی بەكارهێنەران گەیشتە (5)ملیۆن كەس.

- لە(ئەردەن)لەساڵی (1996)دا خزمەتگوزاری ئینتەرنێت دابینكرا بەڵام ژمارەی بەكارهێنەران تەنها(500)هەزار كەس بوو.

- لە (بەحرەین) لەساڵی (1995)دا خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بۆ خەڵك دابینكرا و هەر لە سەرەتاوە لەكۆی(750)هەزاركەسی دانیشتووانی (بەحرەین) (100000) هەزار كەس دەستیانكرد بە بەكارهێنانی ئینتەرنێت.

- (قەتەر): لە ساڵی (1996)وە خزمەتگوزاری ئینتەرنێت دابینكراوە و ژمارەی بەكاهێنەرانی (115)هەزار كەس بووە و بە گوێرەی چەند ئامارێك ئێستا كۆی بەكارهێنەران گەیشتۆتە (150)هەزاركەس.

- لە وڵاتی(یەمەن) لەساڵی (1996)وە خزمەتگوزاری ئینتەرنێت دابینكراوە و لە وڵاتێكی (20)ملیۆن كەسی وەكو (یەمەن) تەنها(150)هەزار كەس ئینتەرنێت بەكاردێنن و بەشێكیشیان بریتین لە خەڵكی بیانی كەلەم وڵاتەدا نیشتەجێن.

- لە (عەرەبستانی سعودیە)بەر لەوەی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لەلایەن حكومەتەوە دابینبكرێت بەشێك لە خەڵكی سعودیە لەڕێگەی تۆڕی گەیاندنی (بەحرەین)دەیانتوانی بچنە نێو تۆڕی ئینتەرنێت بەڵام نرخەكەی زۆرگران بوو، لەساڵی(1999)بەشێوەیەكی رە سمی ئەم خزمەتگوزارییە دابینكرا، ئامارەكان دەریدەخەن لەساڵی (2005)دا ژمارەی بەكارهێنەرانی ئینتەرنێت لە سعودیە گەیشتۆتە(5)ملیۆن كەس و كۆی دانیشتووانی ئەم وڵاتەش ئەو كاتە ژمارەیان(24)ملیۆن كەس بووە، ئەمەش وایكردووە بازاڕی سعودیە بە هەرمێنترین بازاڕی پرۆگرام و كۆمپیوتەر بێت لەناوچەی كەنداودا.
بەڵام لەم وڵاتەدا لەلایەن (شاری شا عەبدولعەزیزبۆ زانست و تەكنەلۆژیا) توندترین سانسۆر خراوەتە سەر ئینتەرنێت و تا ئێستا (200)هەزار پێگە بلۆككراوە لەنێو خێزانەكانیشدا مافی بەكار هێنانی ئینتەرنێت تەنها بۆ پیاوانە، بەهۆی ئەم سانسۆرە توندەوە بەكارهێنەرانی ئینتەرنێت ئازادی تەواویان نیەو لەزۆر لەپێگە گرنگ و ناسراوەكان بێبەشن.

- لە وڵاتی(لیبیا) لەساڵی (2000)ەوە خزمەتگوزاری ئینتەرنێت دابینكراوە و لە كۆی(6)ملیۆن كەس لە دانیشتووانی لیبیا زیاتر لە(1)ملیۆن كەس ئینتەرنێت بەكاردێنن.

- لە(سوریا)لەساڵی(2002)ەوە ڕێگە بە هاووڵاتیان دراوە ئینتەرنێت بەكاربێنن ولە وڵاتێكی(17)ملیۆن كەسیدا سەرەتا تەنها(155)هەزار كەس سوودیان لەم خزمەتگوزارییە وەردەگرت.
لە سوریا ڕێژەی بەكارهێنەرانی ئینتەرنێت ئەوەندە زۆر نیە بەهۆی گرانی نرخ و ئەو سانسۆرە توندەی دەزگاكانی ئاسایش خستویانەتە سەر تۆڕی ئینتەرنێت و لە هەندێك حاڵەتدا بەتایبەتی لە لایەنی سیاسی زۆر لە سانسۆری(سعودی)توندترە.

- لە(عیراقدا)لەساڵی(1998)خزمە تگوزاری ئینتەرنێت دابینكراوە بەڵام ئەوسا بەهۆی گەمارۆی ئابووری و هەژاری و نەداری خەڵك و ئەو سانسۆرە توندەی دەزگاكانی ڕژێمی عیراق،تەنها دەوڵەمەندەكان دەیانتوانی ئینتەرنێت بەكاربێنن، بەگوێرەی ئاماری رە سمی لەساڵی (2002)دا لەهەموو عیراق (جیا لە كوردستان) لەكۆی(24)ملیۆن كەس (45)هەزار كەس ئینتەرنێتیان بەكارهێناوە، ڕژێم سانسۆرێكی زۆر توندی خستبووە سەر ئینتەرنێت و هەموو پێگەكانی نامەی ئەلكترۆنی بلۆككرابوون ، بۆ بەشداریكردن لەم پێگانە جۆرە هاوبەشیەكی تایبەتی هەبوون هەموو نامەكانی ئەلكترۆنی بە نێردراو هاتوو، پێشوەخت لە لایەن دەزگای ئاسایشەوە دەخوێنرایەوە ئەوسا ڕەوانە دەكران یاخود دەگەیشتە دەستی هاوبەشان.

سەرچاوە : ئینتەرنێت